## مەیگێڕ

مەکە مەیگێڕ مەدە مەی پێم
کە مەی کارێ لە من ناکا
ئەوەندە مەستی ئەو چاوەم
کە سەد بادەیش بە من ناکا

ئەزانم ئاخری یەك شەو
لە خاکی غوربەتا ئەمرم
لە بۆنی جەرگی سووتیاگم
کەسێ لاشەم کەفەن ناکا

وەکوو هەورێکی بێ باران
غەمین و مات و دڵتەنگم
کە هیچ باغێ لە بی ئاوییش
دڵی بەو هەورە بەن ناکا

هەزار نەزر و نیازم کرد
کە مەیلی بێتە سەر مەیلم
وەلێ تەنیا پەپوولەیکە
کە ئاواتی فڕین ناکا

ئەجەل خۆزگە ئەهاتە لام
ئەمیبرد مەرد و مەردانە
چە کەڵکێکی هەیە عومرم
کە گەردوون ڕوو لە من ناکا

بەشوێن مەرگم لەسەر قەبرم
مەنووسن داخی داخانم
بنووسن چووگە بۆ شوێنێ
کە قەد یادی وەتەن ناکا

*****

درێژەی هەیە ...